رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە

دەزگای گشتی چاپەمەنی‌و بلاوکردنەوە دەری ئەکـا

لەجیاتی سەرنوسـەر :
مونذر عریم


# هاوکاری

التضامن

**دەرکردنی بالویزی ئیران لە بەغـدا**

پاش ئاشـکرا بوونی دەوری چـەپەلی حکـومەتی شاهەنشای بەکری گـیراو لەو پیلانەی دژی شـورش ریك خـرا .. حکومەتی شـورش بریاری دەرکردنی **بالویزی ئـیرانو چەند کاربەدەستیکی تـری** بالویزخانەی ئیرانی دا لە بەغـدا .


زمارە ٣ هەینی ٢٣ـ١ـ١٩٠ سالی (١) نرخی ٢٠ فلـس


## جەمـاوەری بەغـا خوپیشان دانیکی مەزنی کرد بۆ پشت‌گیري شورش

## سەرەکٌ بەکر ئەلی : شـورش بۆئەوە بەرپاکرا بمێنێتەوە

جەماوەری گەل لەبەغـدا دوینـی خوپیشاندانیلی گەورەی ڕیك خسـت بۆ پشـت گیری شـورشو دەر برینی شادمانی خوی بـە بۆنەی گۆرکردنی پیـلانی کونەپەرستی نارەوا وە کە لە لایەن ئیمپریالزمـە وە ریك خرابو بۆ لیـدانی دەست کەوتەکانی گەل . وە لە پیش خۆپیشـان دەرەکانـەی تەرمـی دوو شەهید بەرێ ئەکران کـە بونە قوربانی بەرگـری کردن لە شورشو دەسـت کەوتەکانی . دیسان لـە گەل خۆپیشـان دەرەکانا ماموستایان محمد سلمان ئەنـدامی فەرمـاندەی نەتەوایەتی پارتی بەعسیو عبدالله سلوم سـامرائی فەرماندەی شورشو وەزیری



دەوڵەت بەشـداربون وە خوپیشـان دەرەکان بەرەو کوشکی کۆماری چـون، لەوێ سەرەکی قارەمـان ئەحمەد حەسەن بەکـرو لێ پرسراوە گـەورەکانی تری شورش پیش وازیان کردنو سەرەکٌ بەکر ووتاریکـی گرنگی دا تیـا بەهیـزی شـورشی سەلماندو ووتی شورش بویە بەرپ کراتـا بمێنێتەمـە ، وە هـەر ئەمێنێتەوە » ، وە سـەرەك ئاشکرای کرد کە شـورش بەهیزە و ایپلان گـیران خویان ناگرن لە بەر هیزو توانای مـەردانـەی گـەلی شورشدا، ئەمەو جەماوەری گـەل داوای زیاتر توندی شورش گیرانەی ئەکرد دژی تاوان باران .

## لە ئاسۆی ئەرخەوانی دا

ئەم پیلانە گلاوەی دوایی ئیمپریالستەکانو نوکـەرە ئەلقەلەگوێ‌یەکانی ئەلقەیەکی ترە لە زنجیرەی پیـلانو تەگبـیری چلیس‌یان دژی میللەتەکەمان ، وە بێ‌گومان دووا پیلانیان نابێ لـە پێناوی گەرانەوەی دەسەلاتی لە کیس چوی جارانیـانو پاراستنی بەرژەوەندی‌خویان کە شورش بەو هەنگـاوە پێشکەوتوانەی بـە توندی لێ‌ی‌دان .

بویە ئیەرو زیاتر لـە هەموو کاتێکی‌تر پێ‌ویستە هێزە نیشـتمان پەروەرو پێشکەوتووەکانی میللەتە‌کەمان لەبەرەیەکی نیشتمانی یەکگرنو هەولو کوششـی پیروزیان یەکخـەن ، وە بەووردی دوژمنانی میللەت لـە کونەپەرستو بەکرێ‌ گیراوو دەرەبەگو سەرمایە دار دەست نیشان‌بکەن ، وە دوستانی میللەتو بالەکانی بزوتنەوەی شورشگێری لـە عیراقەکەمان سەرکەوتوانـە ئامادە بکەن بۆ بەرگـری یەکی

سەرکـەوتوانەی ئـەو پەلامارادنـە دوورندانـەی ئیمپریالیستەکانو نوکەرە‌کانیان ئەیدەن .

ئەم راستی‌یە روژ بە روژ زیاتر ئاشکرا ئەبێت کـە بەرەی دوژمنانی میللەت بە هێزەو ڕێکخراوەو دامدەزگا بوگەنەکانی ئیمپریالیزم لـە روژهەلاتی ناوەراسـت


بروانە ل ١٤


## پێ‌شێل کردنی پیلانێکی کۆنە پەرستی

لـە ڕۆژی چوارشـەمەی ڕابوردوو دا « ئەنجـومەنی فەرماندەی شورش، چـەند بەیانیکی گرنگـی بلاو کردەوە ، کـە لـە بەیـانی یەکەم دا ، پێ‌شیـل کردنی پیلانیـکی کۆنەپەرستانی ئاشکرا کرد ، وە بەیانـە گرنگەکـەی ئەنجومـەنی فەرماندەی شورش ئاشکرای کرد کە دەستەیەکی سـەر لێ شیـواوی ڕەپەسەنـد ویستی لـەڕۆژی چـوار شەمەی ڕابوردوا پیـلانیکی نارەوا بگیری ، بە مەبەستی لیدانی حکومەتی شـورش گیری نیشمانی‌و زیان دان لە دەسـت کەوتـە پێش کەوتوەکانی شـورشی ١٧ی تموزی پـیرۆز . دیسـان بەیانەکە سەلماندی کە ئـەم پیلانەو پیـلان گیرەکان کەوتنە بەر لیـدانی توندی شورش‌و پلانەکەیان هـەر لەسەرەتادا پێ‌شیل کـرا ،

**ئەمە تەواوی ئەو بەیانەیە لە ڕۆژی ٢١ی کانونی دووەم دا ئەنجومـەنی فەرماندەی شورش بلاوی کردەوە :**

**ئەی گەلی مەزن :**

**لە شەوی چوار شـەمە ٢٠ ـ ٢١ ئەم مانگـەدا دەستـەیەکی قین لـە دلی تاوان باری دەست تێکـەل لەگەل بێگانەو بۆ مەبەستی نارەوای خۆپەرستی ویستی دەست درێژکات بۆ سـەر شورشی ١٧ تموزی نەمر ، کە بە پشت گیری جەماوەرو پێش‌کەوتن خوازی‌و توندی شورشـی گیـرانەی لانەی ئەمپـریالـزمو کۆنەپەرپەستی‌و صهیـۆنی‌و**


بروانە لاپەرە (١٤)




تاوان بار محمد رشید جنابی

## ری‌ رەوی هاوکاری

## پیلانەکانی میری تارانی نۆکەر کاروانی شۆڕشەکەمان ناوەستێنێ

**لە شورشی ١٤ تەمووزی پیروزەوە تاکو ئیستا میری تارانی نوکەرو بە فرمـانی ئاغـاکانی ، ئیمپریالیستە ئەمریکی‌یەکان ، وەکـوسەگی هار بەربونەتە گیانی عیراقمان ، ئەم پەلاماردانـەدوورندانەو هێرشە نارەوایانە بەشێکی لـە جیابوونـەوەنەهاتووی ئیمپریالیـزمی جیهانی‌یە بو بەرهەلسـتی‌کردنی بزوتنەوەی رزگـاری خـوازی میللەتانو بوتەگەرەنان لە ڕێگای کاروانی هەرە بەرەوپێش رویشتووی‌میللەتان ، بەشێکە لەو پلانە چلیس‌و بوگـەنانە بـوچەسپاندنی بوونی‌بنکەکەیان ئیسرائیلی تاوانبار ، بەشێکەلەو جموجولیە کونەپەرستانە بو دامرکاندنی بزوتنـەوەی‌شورشگێری پێشکەوتووانەی عەرەبی‌و کـوردی‌و فارسی‌و تورکی لە ناوچەکـەمان ، بەشێکە لە بزوتنەوەی رەددەلە جیهانی ئیمروان کـە ئیمپریالیستە تاوانبارەکانی ئەمریکی سـەرکردایـەتی ئەکـەن .**

وە ئەگەر ئەم راستی‌یەشتێکی ئاشکرا بێ ئەمرو ، چەن راستی‌یەکی تریش هەن بەرامبەریان پێ‌ویستە دیاری بگرێ . وە بەپێ‌ی ئەی راستیانە رەفتار بکەین لەی راستیانە مەسەلەی کام بەرەین ؟ ئەبێ ئـەوە ئاشکرابێت کە دوو بەرەی


بروانە لاپەرە (١٤)




تاوان بار عبدالغنی راوی



تاوان بار جابر حسن حداد



تاوان بار نظام الدین عارف



تاوان بار صالح مهدي سـامرائی

## کورتەیەکی ژیانی

# ڤلادیمیر ئیلیتش لینین



لە سالی ١٨٩٤ لینین دانراویکی زور گرنگی نوسی لەژێر ناوی « دوستەکانی میللەت کێن‌و چون خەبات ئەکەن دژی سوشیالیستە دیموکراسی یەکان ؟ » • ئەم دانراوە دژی میللی‌یەکان ( الشعبیون ) بو کە لومەلی لە روشە نبیرانی شورشگیر بوون‌و باوەریان وابو سەرمایەداری لە روسیا پێش ناکەوێت‌و روسیا ریگایەکی تایبەتی ئەگرێت ، کە جیاواز ئەبێ لەو جورە پێشکەوتنەی وولاتانی تر وە دەوری مێژوویی چینی کریکارانیان ئینکار ئەکردو جوتیارانیان بە هێزی شورشگیری سەرەکی‌یان ئەزانی‌و ئەیان ویست ئامادەیان بکەن بو راپەرین دژی حوکمی قەیصەری موتلەق ، وە لەپێناوی ڕێکخستنی جوتیارەکان ئەم روشەنبیرە شورشگێرانە ئەچوونە ناو میللەتەوەو لەناو دێهاتەکان ، بویە ناو نران بە « میللی یەکان » جوتیارەکانیش زور باوەریان بەقسەی میللی‌یەکان نەبوو •

کاری لینین لەم دانراوە هەر برێتی نەبوو لە رەخنەگرتن لە ئەیدولوجیەتی میللی یەکان ، بەلکو لەنێوان هەموو مارکسیەکانی رووس یەکەم کەس بوو کە بە قوولی ئیسباتی دەوری مێژوویی چینی کریکارانی روسیای کرد وەکو هێزێکی شورشگێری سەرکردەی پێشرەوی کومەل ، لینین یەکەم کەس بوو کە باوەرە هەرە مەزنەکەی دارشت ، باوەری هاوپەیمانی چینی کریکاران‌و جوتیاران ، ئەم هاوپەیمانی‌یە کە بەهیچ جورێك نایەتەدی بەبێ رامالینی بنەرەتی قەیصەریەت‌و خاوەندکانی زەوی وزارو بورژوازیەت ، وە بەبێ دامەزراندنی حوکمی چینی کریکاران‌و دامەزراندنی کومەلێکی نوێی کومونیست•

لەهەمان سالدا لینین دانراوەیەکی‌تری نوسی لەژێر ناوی « ناوەروکی ئابووری ویست ئارەزوی میللی‌یەکان وە رەخنەکەی ( ستروفیە ) لە پەراوەکەی » •

لەم دانراوەشی ، لینین دژی میللی‌یەکان تەنها نەبوو بەلکو دژی « مارکسیزمی رەوا »ش بوو ، « مارکسی‌یە رەواکانیش » کومەلێکی روشەنبیرانی بورژوازی بوون، بیروباوەری مارکسیزم یان لەو روژنامانەدا بلاو ئەکردەوە کە لە ژێر چاودێری قەیصەریەت دەر ئەچوون‌و هەولیان ئەدا مارکسیزم بەشێوەیەکی وا بلاوبکەنەوە کە گونجاو بێ لەگەل بەرژەوەندی بورژوازییان‌و ناوەروکە شورشگێرەکەی وون بکەن •

لینین بە تەوژم خەباتی شورشگیرانەی ئەکردو بیروباوەری مارکسیزمی بلاوئەکردەوە لەناو کریکاران بەیانات‌و ووتاری‌بو ئەنوسین نامیلکەی بلاوئەکردەوە ، وەبەشێوەیەکی ئاسان‌و سادەی ئەنوسی بو ئەوەی خوینەری سادەو رەمەکی مەردەم لەو نوسینانە بگات باری ژیانی کریکاران‌و زروفی نالەبارو ناخوشی ژیانیان رون ئەکردەوەو چونیەتی ئەو چەوساندنەوە دورندانەی کریکاران لەلایەن چەوسێنەرە سەرمایەدارەکانەوە دیارئەکردو چونیەتی خەباتی چینی کریکاران لەپێناوی رزگاری رون ئەکردەوە •

بەو زانینە قوولەی مارکسیزم‌و ئەو تواناو زیرەکی یەی لە تەتبیق کردنی لەسەر باری روسیاو باوەری پتەوی بەسەرکەوتنی مەسەلەی کریکاری‌و بەلیمەتی‌و ژیری وەکو رێکخەر ، ئەمانە هەموو لینین‌یان کرد بەسەروکی دان پێ‌نراو لەلایەن هەموو مارکسییەکانی پوتر سبورگەوە •

**ماویەتی**

# سەدەی شارەزابوونی زیاتر لە پیشەیەکی

ئامانجی فیربون لەکۆنا ئەوەبو قوتابێ شارەزایەکی زۆر پەیاکات دەربارەی باسێکی دیاری کراو تا لە دوایا لەم ڕێگایەوە بتوانی نانی ژیانی پەیدبکات ، وە ئەوسا ژیانی مرۆڤ کرابو بە دوو بەشەوە : بەشێك بۆ دەست کەوتن ، بەشێك بۆ سود وەرگرتن لەو دەست کەوتەیە ، هەتا بەر لە قوتابخانەش ، کاتیك خەلکی خوی خەریك ئەکرد بەفێر بونی پیشەیەکەوە نانی لەدوا وە بخوات ، وە لە مندالیەوە ئەخرانە بەر وەستایەك هەتا فیر ئەبون ، دوای خویان دەستیان ئەدایە ئەوپیشەیەو بەدرێژێ ژیانی لە سەری ئەڕۆشتن بەبێ ئەوەی بتوانن پەرەی پێ بدەن و پێشی بخەن •

بەلام لە چەرخی نوێدا ، هەست ئەکەین بەوەی پیویستمان بەفیر بونی زیاترە ، بەتایبەتی لە قوتابخانەو دانیشگاکانا ، وە لە جەنگی جهانی یەکەمەوە مرۆڤ هەست بەوە ئەکات پیویستە شارەزای لە ڕویەکەوە زیاتر هەبێت کە لەوانەیە ئەو شارەزایە زۆرە تەنیا لەقوتابخانەوە فیری نەبێت • یان هەست بەوەکرا وە کە زۆر هەن ناتوانن لەبەر زروفی مادی‌و خوی خەریك ئەکرد بەخێر کۆمەلایەتی ناتوانن بەردەوام بن لە فیربونی قوتابخانەو ئەیانەوێت پیشەیەك لەژیان فیر ببن خویانی پێ‌بژینن ، لێرەوە دوو بیر هاتنەکایەوە، بیری فیرکردنی گەورە ، یان پڕکردنەوەی ئەوکەمیەی لەژیانیا وە دوای تەمەنی خویندن هەستی پێ‌ئەکات‌و شارەزای قوتابخانەیان دانیشگا سودی پێ ناگەیەنیت ، وە بیری دووەم مەشق پێ‌کردنە بۆ پڕکردنەوەی نا تەواویەکانی بەرنامەی قوتابخانەو دانیشگا لەڕوی زانستی‌و پیویستیەکانی ئیش کردنی بەراستی‌وا کە لەوانەیە بەخوێندن ئەوشارەزایە نەدات وەك بەئیش کردنی ڕاستی ئەیدات •

وە بەسەرنج دانیکی گشتی ئەم ڕاستیانە ئەگەینە ئەوەی : مرۆڤ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا هەموو تەمەنی بەفێر بوونەوە بەسەرئەبات‌و خوی شارەزائەکات ، بەم‌جورە وەستان ، یان فیربونی تەنیا پیشەیەك دوای هات‌و فراوان تر بو بۆ چەند شارەزایەك• لەبەر ئەرە لەسەرمانەخۆمان لەگەل ئەم گۆڕانە مەزنەدا ڕابێنن • وە وزەو توانامان هەبێت لەگەل ئەم گوڕانەدا بڕوین ، بۆ ئەوەی هەست بە بەختیاری ئاشکراو راست بکەین لەو پێش کەوتنەی مرۆڤی ئەم سەدەیە پێ‌ی ئەگات •

« **وەرگیرانی هاوکاری** »

## ڕۆشنبیری گشتی

**گرنگ لەفیربونا ، ئەوەنیە تەنیا فیربین ، بەلکو گرنگ ئەوەیە بزانین چۆن فیر ئەبین ، وە شارەزایمان بۆ فێربون لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرئەگرین ، وەچۆن سود لەو فیر بونەمان وەر ئەگرین ، لەم سەدەیەدا ، هەنگاو بەرەو ئەم ڕاستیە ئەنرێت ، زیاتر لە هەمو شتێکی تر ، مرۆڤ بە درێژای ژیانی بەدوای شارەزای زیاترا ئەگەری ، لەرەتاوە تاکوتایی خوی فیرئەکات و حەز ئەکات شتی نوی‌و نوێ تر فێر ببێ •**

# گیروگرفتەکانی ئایسلەندە

**وەرگێرانی هاوکاری  لە « نیـوتایمس » ەوە**

ئیسلندی وولاتی کانو بورکان ٠٠ وولاتی گیروگرفت. تەکو چەمەی ئبوریو کومەلایەتی دەستکردی رژیمی سەرمایە داری ، لەسایەی ئازایەتی چینی کریکارەوە توانی ئیوی بەردینی ئاگروی بکاتە ئاوەدانیو خاکی وەك کۆی زخالی بکاتە کیلگەو سەرزایی لەوەرگە ٠

زارە ماسی سەرچارەیەکی سەرەکیی گوزەرانو ژیانی دانیشتوانی ئەم دورگە یەیە لە ١٩٤٦ وە تا ١٩٦٦ کەنارەکانی ئەم دورگەیە لە ماسیدا زور بەخشندە بووە ٠ لە سالی ١٩٦٦ بەرهەمی ماسی گەیشتە ١،٢٠٠،٠٠٠ تەن ٠ وە ئایسلندە چوارەم وولات بوو لە ئەوروپادا لە بەرهەمی ماسیدا ، بەلام دەسکەوتی ئەم بەرهەمە هەمووی چووە گیرفانی سەرمایە دار نەوەک بۆ کارو پرۆژەی بێ کەلك بەکار هینرا ٠

ئەم سالانەی دواییدا بەرهەمی ماسی هاتە خوارەوە ئەویش لەبەر ئەوەی دەولەتە سەرمایە دارەکانی یابانو نرویجو ئەمریکاو بیرۆ کەوتنە بەر بەرەکانی کردن لەگەل ئایسلندەدا ٠ لەسالی ١٩٦٨ دا بارستایی ماسی بردنە دەرەوەی ئیسلندە لە سەدا (١٧)ەی هاتە خوارەوە ٠٠ وە ئەم هاتنە خوارەوە یەش ئەمسال پترتر بوو ٠ ئیستا ئەم وولاتە لە باریکی ئیجگار گرانو ناخوشدا ئەژی نرخی هەموو جورە خواردەمەنیەك گران بووە. کەوتوتە ئەوەی زوری کەلو پەل لەدەرەوە بهینی ٠٠ جگە لەوەی کە بی کاری لەهەموو زوویەکی گوزەران ژیانەوە تەشەنەی کردوە ٠ جگە لەوەی کاری کشتوکال لەزم بووانەوە دایەو بەشی زوری جوتیارەکان دیهات بەجێ ئەهیلانو رووئەکەنە شار ٠ لە سالی ١٩٢٠ دا لە سەدا (٤٣)ی دانیشتوانی ئەم وولاتە لەدیها تەکانا بوون بەلام ئەمرو تەنیا لەسەدا (١٥)ی دانیشتوانی تیدایە ئەمەیش بەهوی بەرزبوونەوەی باجو خەراج. نرخی کەلو پەلی کشتوکالەوەیە ٠

دەسەلاتدارانی ئایسلندە بەلایانەوە کە تەنیا ریگە بو دەرچوون ئەم تەنگو چەلەمەیە ریدانە بە سەرمایەی بیگانە بو هاتنە ناو ئەم وولاتەوە ، دیارە ئەمەش تەنیا سوودی بو سەرمایەی بیگانە هەیەو هەرەشەش لە سەربەخویی نیشتمانیو ئابوری وولات هەیە ٠ چوونە ناو کومەلەی بازرگانی ئەورروپەوە ئەمرو جیگە باسی لیدرانی روژنامەکانە ٠٠ ئەوانەی سەر بەم رایەن ئەلین ئایسلندە لەم کارەیا بارستایی ناردنە دەرەوەی ماسی پتر ئەبیو بەرهەمستی تەقەلای نرویجیش ئەکا لەم رووەو هەلگرتنی باجیش لەسەر بازرگانی ماسی لەبەینی دەولەتەکانی ئەم کومەلەیەدا کار ئەکاتە سەر ئابوری ئایسلندە ٠

یەکیتی شوورەوی پەیوەندییەکی بازرگانی گەورەی لەگەل ئەم وولاتەدا هەیە ٠ یەکیتی شورەوی ماسی لەئایسلندە وەرئەگریت بەرامبەر ئەمە ئامیرو تەختەو کەلوپەلی وینەگرتنی بو ئەنیریت ، بەلام ئایسلندە ناتوانیت بەم پەیوەندی یەوە بەستراو بیت ئەگەر چوە کومەلەی بازرگانی ئەورووپییەوە ٠

لە ئایسلندەدا بنکەیەکی ئەمریکی لە ( کافیلفاك )دا هەیە کە دەسەلاتدارەکانی ئایسلندە بەرگری لی ئەکەن بەبیانوی ئەوەی سوودی هەیە بو ئابوری وولات ٠

ئەوەی جیگای سەر سورمانە ئەوەیە ئایسلندە سوپایەکی تایبەت بەخوی یا چەکی نیە ٠٠ بەلکو ئەو سوپاو چەکەی لەوولاتایە هەمووی تایبەت بەبیگانەیە

بەرە پیشکە وتوەکانی وولات تیکرا نارازین لەوەی ئەمریکا دەست ئەخاتە کاروباری ناوخوی ئایسلندەوە ، بەلام ئەم بەرانە تا ئیستا لە ناوخویانا یەك گرتوونیو لەسەر بەرنامەیەکی کاری هاوبەش ریك نەکەوتون ٠٠ ئەگەرچی ئومیدیش زور هەیە کە بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو پیك بهینن بۆ خەبات لە پیناوی دواروژی ئایسلندەو لەپیناوی گەلەکەیا ٠

## سەرۆك بەكر لەگەڵ دەزگاری نەقابەی پارێزەران دا



سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەكر سەرپەرشتی گونگرەی پانزە هەمی پاریزەرانی عەرەب ئەکات ، کە لە مانگی داهاتو دا لە بەغدا ئەبەستریت ٠٠
ئەمەش لەلایەن عبدالوهاب محمود، نەقیبی پاریزەرانەوە ئاشکرا کراوە دوای ئەوەی ناوبراو لەگەل ئەندامانی دەزگای بەریوە بەرایەتی نوی پاریزەران چاوی کەوت بە خاوەن بەرزیەتی سەرۆك کومار ٠

## وفدیکی کریکاران لە کوردستان

لە ڕۆژی دووشەمەی ڕابوردوو ، وفدیکی یەکیتی نەقابەکانی کریکاران لەعیراق ، سەری دا لە کوردستان بۆ پیك هینانی نەقابەکانی کریکاران لە محافظەی دهوك ، وەفدەکە پیك هاتبو لە سعید جاف سکرتیری پەیوەندیەکانی بەڕیوە بەرایەتی وە حمید سامرائي سکرتیری پەیوەندیەکانی ناوخۆ ، وە فوزی فەرمان سکرتیری پەیوەندیەکانی ریك خستن ٠

## سەرۆك بەكر لە رمادی

سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر لە ڕۆژی دوو شمەی ڕابوردوا سەریدا لە محافظەی رمادی ، وە سەردانەکەی نزیکەی چوار سەعاتی خایان ، وە لەو ماوەیەدا سەری دا لە پرۆژەی کارگەی شوشەو لەگەل ئەندامەکانی ریك خراوی پارتی بەعسي کۆبوە وە ، لەم سەردانەدا دکتور رشید رفاعی وزیری دەولەتو جیگری وەزیری پیشەسازی لەگەل سەرۆك بەکر بو وە بە گەیشتنی خاوەن بەرزیەتی سەریدا لە پرۆژەی کارگەی شوشەی رمادیو فەرمانی دا زوبەزو کاری تیا بکری ، تا زوتر تەواو بیتو بکەویتە گەر ٠ هەروەها سەرۆك لەگەل ئەندامانی لیژنەی نەقابی پرۆژە کە کۆبوەوە سەبارەت بە پیویستیەکانی کریکاران قسەی لەگەل کردن ٠ لە دوای ئەوە پرۆژەکەی بەجێ هیشتو چو بۆ بالەگای محافظی رمادی ، لەوێ لەگەل ئەندامانیریك خراوی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستی کۆ بوە وە ٠

## عەماش هیرش ئەباتە سەر ئەڵمانیای ڕۆژئاوا



فەریق رکنی یەکەم سالح مەهدی عەماش ئەندامی ئەنجومەنی فەرماندەی شورشو وزیری ناوخۆ ، لە چاو پیکەوتنەکەیا لەگەل کلاوس جیزی وزیری ، رۆشنبیری کۆماری ئەلمانیای دیمکراتی ئەلمانیای ڕۆژ ئاوای بەدرندە ترین دەولەتی ئمپریالی باس کرد، وە ووتی : من لەوە دلنیام ئەلمانیای ڕۆژئاوا لە سەر بنبەرەتی نەخشەیەکی ئاشکرا ئەجولیتەوە ، لەبیریکی ئاشکراوە هەلقولاوە ئەویش لەگەل سودی ئیمپریالیە و ناتوانی لەگەل سودی سوشیالستیدا یەك بگرنەوە ، وەعەماش زیاتر ووتی : ئەلمانیا لە بەر گەلی هو ئەتوانی درندەترین دەولەتی ئمپریالی بیت ، یەکی لەم هویانە هەست کردنیەتی بەناتەواوی لەبەربونی ئەلمانیای دیمکراتی ٠

## خالد مکی هاشمی لە فرنسا



ڕۆژی دووشمەی ڕابوردوو وفدیکی پیشەسازی بە سەرۆکایەتی خالد مکی هاشمی وزیری پیشەسازی بەغای بەجێ هیشتو چو بو فرنسا و لەویشەوە ئەچی بۆ چیکوسلوفاکیا بە سەردانی کە دوو هەفتە ئەخایەنێ ئەم وەفدە لەفرنسا گفتوگو ئەکات سەبارەت بە کۆکردنەوەی ئۆتۆمۆبیل لە ناوچەی ئەسکندریە بەهاوکاری شریکەی «رینو» دیسان لە پراگ گفتوگو ئەکات سەبارەت بە دامەزراندنی پرۆژەی کۆکردنەوەی « ساحبات » بە هاوکاری لەگەل شریکەیەکی چیکوسلۆفاکیادا ٠







# خەباتی ئافرەت

## کەی بانوی ماڵ



خوشــکی بەڕێز : ماڵ مەڵبەندی پشوە بۆ پیــاو ژنو منالو هەمو ئەوانــەی خیزانیان لێ پێك دیت ، ئەو شوێنەیە ژیانی خێزانی تیا بەسەر ئەبرێت ، وە کــەی بانوی ماڵ گوڵی ماڵە ، ماڵی بێ کــەی بانوی باش وەك وێرانەیە لەکۆمەڵی ئێمــەدا زۆر ترین ئەرکی ناو مــاڵ ئەستوی کەی بانوی ماڵە لــــە پەروەردەی منــاڵەوە بەرەوشت بەرزی وە هــەتا ڕازانەوەی ماڵو خزمــەتی ئەندامەکانی خێزان ٠ کەواتە ئەگەر ژن لــەماڵا گورجو گوڵ بو ، بــەتەنگ ژیانی خویو خیزانەکــەیەوە هات ، ئەرکی ڕاستی سەرــ شانی بەجێ هێنــــا ، بەختیاریو خوشی ئەخاتە ناو ماڵەوە جا بۆ ئەوەی کــەی بانوی ماڵ بەئەرکی تەواوی سەرشانی هەستێ بەرامبەر بەخویو ئەندامەکــــانی خێزانەکەی پیویستە گورجو گوڵ بێو گرنگی دانی بــە هەمو گەورەو بچوکیك لەناو ماڵەکــــەیا بەدڵسوزیو لەڕویەکی ڕاســتەوە بێت بێکەم تەر خەمی کردن ٠

وەکەی ژنی ماڵ بەم جورە بو بەختیــاری هەمیشــەی ئەخــاتە ماڵەکــەیەوە ، وە پارێزگاری ئــەکــات بــە ماڵەکەیەوەو ئەبێتە هــوی ڕازی کــردنی میردەکــەو منالەکانی ٠

## خاتو سعاد خلیل سەبارەت بە ڕەوشتی منداڵو پەروەردە کردنیان ئەدوێت



خاتو سعاد خلیــــل ئیسماعیل وەزیری پەروەــ ردەی بەرزو جێگری وەزیری پەروەردە ئیــوارەی ڕۆژی شەمەی ڕابوردو دوانیــکی گرنگی لــە قوتابخانــەی « دجلەی نمونەیی » داتیــا باسی قوتابخانەو پەیوەندیەــ کانی بەدامەزراوە کۆمەڵایەــ تیەکانی ترەوە کــرد ، وەگەلیك شتی سەربارەت بــە پەروەردە کردنی منــدالانڕون کردە وە ، دیسان باسی پەیوەندیەکانی بــەینی ماڵوقوتابخانەی کرد ٠

## دزی لای منــاڵ

هەندیك جار ، منــداڵ شتێك ئەبات ، کــــە هی خویان نیە ، بەڵام ئەمــــە دانانرێت بەدزی ، چونکــە منداڵ ڕاستەو خۆ هەســتی تەواوی نیــە بەرامبــــەر بەوشتانەی خوی خاوەنیەتی وە ئەو شتانەی خوی خاوەنی نیە ، بەڵام پەلاماری شتێ ئەدەنو ئەیبەن ، ئەمە تەنیا لەبــــەر ئەوەی ، ئەیانەوێ وابکەن ، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی ؟! لەم کاتەدا لەســەر دایك پیویستە ، بەقســەی خوش لەمنالەکــە بگەیەنێت ئەوشتــــەی بردویەتی هی ئەونیە ، وە هــــەوڵ بات ڕازی کات بەوەی بیگیریتەــ وە ، یان هــەوڵ بات بوی پەیاکات تا دەســـت دریژ نەکات بۆ شتی کەسی تر ٠

بەڵام لەتەمەنی شەش یان حەوت سالیەوە ، مناڵ ئەگەر شتی یەکیکی کــەی برد ، هەست ئەکات ئەمە لــــە ناڕاستیە وەیــــەو تاوانە ، لەبەر ئەوە لــەم تەمەنــەدا منداڵ ئەو جورە شــــتانە بەدزیەوە ئەکات ، بــــەڵام کەدایكو باوك، یان مامۆستا بەشتی وائــەزانن ، نابێت بکەونە لیــــدانو ترساندنی منداڵەکە ، بەڵکو لەسەریانە هەوڵ بدەن هوی ئەو دزیە بزانن ، لــــەوەنەیە نەبونی بێت ، یان هەست کردنیك بێت بە ناتەواوی پاڵ بــەو منداڵەوە ئەنێت ئەوکــــارە بکات ، لەکاتی وادا پیویستە ژیری لەگەڵ منداڵەکانمــان بەکـــــار بهێن تا دووبارە لەکاری وانزیك نەکەونەوە٠



### پێ بکەنە

ژن : لە خەوما سەعاتێکی ئالتونت بۆ کری بوم !

مێرد : باشە لەخــەوی دووهەما لەدەستی کە !

### ئەو منالەی هەرگیز برسی نابێت !

منداڵیش وەکو گــەورە ، جیــاوازیان هــــەیە لــەزۆر خوریو کەم خۆریدا ، بەڵام نەخواردن لەلایەن منالەوە ، ئەبێ لە ئەنجامی شــتیك دابێت ، یان نــەخوشی یان بێ هیزی ٠ لەبەر ئــەوە ئەبێت سەرنجی قورســـای منـداڵ بدرێت ، ئەگــەر ئاسای بو ، ئەوە گیروگرفت نیە ، بەڵام ئەگەر بەپێچــە وانەوە بو لەســــەر دایك پیویســتە هــــەوڵ بدات منداڵەکەی بخوات، خواردنی ڕۆژانــــەی بۆ بگــورێت ، چونکە دورنیە ئەومنداڵــــە جورێك خــــواردنی بــۆ نەخورێت بەڵام جۆریکی تر بەپێچەوانەوە ٠



# مردنی شازادە

هۆنراوەی
ئەنوەر شاکەلی



ئێــواره بوو ٠٠ دوا فرمێسکی گچێکی شەنگك
ڕژایە سەر تەرمی خنکاوی لە بیر چوون ،
شەوێکی دەم بەپێ کەنین، چاوێکی مەنگك
ئەیڕوانیە شلپەی هەستی بەرەو وون بوون ٠
دیوارە کان، منــاڵەکانی سەرشــەقام
وەکوو شوشەی پاش گەردە لوول ،
گەردێکی خەست ،
تۆزێکی سوور وەکوو ئازاری دڵداری
بەسەریانا وورد ئەباری،
ئاســمــان دڵی سەهۆڵێ بوو،
گــۆڕەکانی ئەو دیوی شــار
زمارەیان تێپەڕ ئەبوو
لە چوار هەزار ٠
ئەو پیاوانەی دوور وڵات بوون کز ئەهاتن
بۆ دانیشتن
لە پەنای چوار دیواری پڕ لە ڕازی سەیر ،
مزگەوت، مزگەوتی پڕ لە کوێر ٠٠٠
لەناکاوا وەکوو شووشە شکاندمی
ئیتر خۆمم هیچ نەبینــی ،
پارچــەی شکاوی گیانی من
پرش‌و بڵاوەی کــرد لەوێ ٠
هەر پارچە یەك هەسنیا ڕێکە ، گزنگی خۆر ،
تریفەی مانگ ئەکاتە جوانترین هەڵبەست ٠
ئەزانن کێ بوون منی والەناو برد
وەکوو شووشە شکاندمی ٠٠ ؟
وەکوو شەوی فێنك خــۆشە ،
ڕەشە وەکوو شــەوی ئازار ٠
خەوێکی زۆر شیرینم بوو لە شووشەدا
ئەژیا وەکوو شازادە یەك بردی، دزی،
شووشـــە کەشی بۆنــەهێشیتم ،
شکاندی، بوو بە فەرهــەنگێ هەڵبەستی جوان ٠




## ژیان‌و مردن ٠

هۆمەرسالح

لە کوخیکا بەهەژاری لەدایك بو ٠
هەمیشە بیری لەزەویەکەی ئە کردەوە ٠
چون بیکیلی !؟ بیکات بەچی ؟
هەمیشە چاوەری باران بو !
ئەی‌ویست ٠٠٠ هەمو کات زەویەکەی شین‌بی گاسنی تیابی ٠٠
بەبی ئەوەی هەست بەخوشەویستی‌و دلداری بکات ٠٠ ژنی هینا ٠٠٠
کاتیکی زانی یەکی بو بە هاوسەری ژیانی
زانی ئەم لی‌پرسراوە بەرامبە بە ژیان دنی وە ئەمە ٠٠ پی ئە لین خیزان ٠٠٠
بو بە خاوەنی منال ، ساوای جوان هەستی کرد ئەبــی زیاتر هەول بات ٠٠
بو ئەوەی بیان ژینی ٠٠٠
تەنها هەوا هەلمژین و دانەوە ٠
زەوی کیلان‌و رەنج دان ، بەلی ! تەنیا ژیان ٠٠٠
لە بەر بەیانیکا ٠٠
بەدەم لەرزو تاوە مرد ٠٠٠
لەژیر تیشکی روناکیا نیژرا ٠٠
کوتای هات بە تەمەنی‌و نەما ٠٠
گیانی چوەلای «داد پەروەر» پیی ووت :
من چل سال لە مەو بەر خرامە لەشیکەوە ژیام ، دنیــام دی ٠٠٠
بە هەژاری‌و روتی‌و بەنەزانی
هەتا لاشەکەش خوی
نەی ئەزانی بوچی دروست بوە ٠٠٠
هەوامان هەلمژی ٠٠ خواردمان‌و خواردمانــە وە ٠٠٠٠
گریان‌و پی‌کەنین ٠٠٠
بەلام کە ژیان کوتای هات لە بیر چونیەوە ٠٠
بوین ، مردین ٠٠٠
بەبی ئەوەی بزانین ٠٠
چین ؟ لەچین ؟ بو چین ؟

خۆینەواری خۆشەویست ڕۆژنامــەی « هاوکاری » نیازی هەیە لە بارەگاکــەی‌خویا لە دامەزراوی گشــتی ڕۆژنامــــە گــــەری ، پەرتوکخانەیەك دانبێ ، بۆ ئەم مەبەستە هەمو بویــژو نوسەرو خوێنەوارانی کورد بانك کراون دەستی یارمەتی بۆ درێژکەن بە ناردنــــی چاپــە مــەنی کوردی ٠ وەپێشەکی سوپاس بــــۆ هەمو یارمەتی دەرێك ٠
**« هاوکاری »**

**ویژە و هونەر**

# گفتوگۆیەک لەگەڵ چیرۆک نووسی کورد «دوکتۆر کاوس قەفتان»

## ووتاری ئەمجارە

هیچ گومان لەوەدا نیەکەلەم دووا دووایـیـــەدا ویژەی کوردی گەلیـــك هەنگاوی باش‌و گـــەورەی ناوە لەبەرەو پیش چوون‌و تەنینـــەوەی روخســارو سیمای ئــەو ریبــازە پیشکەوتوە ئەدەبیانەدا کە پیویســتە بزووتنـــەوەی‌ویژەیی گەلەکەمان پەیرەوی بکات‌و لەسەری بـروات ٠ ئەم پیشکەوتنەش لەتەواوی ئــەو جولانەوەیـەدا دەرئەکەویت کــە چاپەمەنی کـــوردی ئەمـرۆ گـــەیشتویەتێ ٠٠ پەڕاو کتێبی هەمە چەشنە بـــلاو ئەکریتەوەو نوسەرەکانمان کەوتونەتە چاپ کردنـــی بەرهـــەمە کانیان‌و گوڤارو روژنامەی کوردی دەرئەچیت ـ ئەگەرجی تائیستە هـەر ـ رزگاری ـ بـەیان ـ وەهاوکاری‌یـــە ـ لـــەپال ئەمەیشا هەول‌و ئیش‌کردنی ئەدیبانمان هەر لەکارایـە بۆپیك هینانی یەکیتـــی ئەدیبانی کورد ٠٠ ئەمانـە هەمووی هۆیەکی هـــەرەگەورەن بۆ پەرە پیـــدانی بزوتنەوەی‌ویژەیی‌و رەوشەن بیریمـــــان ٠٠ وە لەوەش گەورەتر ئەوەیە کە لـــەسەراپای ئەو نووســـین‌و بەرهـــەم‌و بزووتنەوەیەدا ـ ریبازی پیشکەوتوانە ـ بەئاشکرا رووی خـــوی بەخویندەواران بـــکرە بەهەندیـــك لەنـــووسەرانیشمان بەدیار ئەخات٠

ئەوەی لـــــەم بارەیەوەدلسوزیەك نیشان بـــدات ئەبێ لەو تاقم‌و دەستەیـــەبن کـــە لەم روژانەدا زور بەشـــادی‌و دلخوشیەوەئەروانـنە تەنینەوەی کاری چاپەمەنی کوردی‌و لـــەم‌روانینەشیانا هەول ئـەدەن کە ریبازی پیشکەوتوانـــەلەم مەیانەدا بەهیز بکەن‌و زیاترین کەسانی لی‌هاتـــوو بەدەستی لەدەور کۆبکەنەوە ئەم ئەرکەش بەتەنیـــالایەك پیك نایەت ٠٠ بەلکو ئەبێ هەول‌و تەقەلای **هەموو** نووســـەریکی دلســـوزی لەگەلا بێت بۆ دیاری کردنی ئەو ریبازەو بۆ ئـــەوەی بزووتنـــەوەی ویژەیـــی گەلەکەمان شیوەو سیمای پیویستی یەکانی ئـــەم ـ ـەردەمەی ژیانی گەلەکەمان وەربگریت وە بتوانیت ئەودەورە میژوویی‌یە بگیرریت کـــە بەهۆیەوە گەلەکەمان بایەی خوی لە ناو گەلانـــی گیتی‌دا ببینیتەوە ٠

**چارەکە سەدەیەک سەربەستیم پەرێ**

**بـۆ کـــورد**

**نەبـــڕێ**

**ئەگەر نووسەر چوار پلەی بەهەنگاویك**

**ئەوە تۆ زبان‌و دەستی من ببرە**

**١ ـ یەکەم چیروکت ٠**

**٢ ـ راتان چیە بەرامبەر ئەو ریبازانەی لە ئەدەبی روژئاوادا پەیدابووە ٠**

**٣ ـ بەرای ئیوە چیروکی کوردی لـــە چ پلەیە کدایە ٠**

**٤ ـ ئەو مەرجانە کامانەن کە پیویستە لە چیروك نووسینا هەبێ ٠**

**٥ ـ ڕاتـــــان بەرامبەر بـــە چیروکی شورشگیری ٠**

**٦ ـ ئەم چیروك نووسانـــەت بـــەلاوە چۆنە :ـ**

**حسین عارف، محرم محمد أمـین ، جمال بـابـان ، کاکەمەم بوتاني ، مارف خەزنەدار ، ابراهیم أحمد ، وە محمد مولود (مەم) ٠**

**٧ ـ لەژمارە (٢) ئەم روژنامەیەدا کاکە مەم بۆتاني لە گفتوگـــو یەکەیا نووسەرانی بە ـ ترسنوك ـ داوە تە قەلەم ، ئیـوە لـــەم بارەیەوە ئەلێن چی ٠**

**خوینەواری خۆشەویست ئـەم گفتـــو گویانەی « هاوکاری » لەگەل نوسەرە ناسراوەکانی کوردا ئەیکات بەمەبەستی گەیشتنە بـــە ئەنجامێکی ئەوتۆ ســـودی راستەو خو بگەیەنی بە ویـــژەی ئەتەوەکەمان » ٠ ئەوەی نوسەرەکانیش لـەم بارەیەوە دەری ئەبـــرن ٠ بیر‌رای تایبەتی خۆیانـــە ٠ وەلاپەرەکای ئەم روژنامەیە هەردەم کراوەیە بۆ بـــلاو کردنەوەی هەر رایەك کـــە لەم بارەیەوە دەر ببریت ٠**

**« هاوکاری »**

دوکتۆر کاوس لەوەلامی ئەوپرسیارانەدا ووتی :

١ ـ یەکەم چـــیروکم بەناوی « چیروکی لەســـەر کانـــی یـــەك » بوو ، لەروژنامەی ژینا لەسالی ١٩٥٣ دا بلاوم کـــردەوە ئەوسا شاعیری گەورەمان ماموستا گوران سەرپەرشتی ئەکرد ، زۆر هانی دام کـــە لەسەر چیروك نوسی بروم ٠ هەر چەندە ئیستە کــــە ئەیخوینمە گالتەم پێی دیت بەلام لەگەل ئەوەشا هـــەر شانازی پیوە ئەکەم ٠ وە دەربارەی ئەوەی چ ریگایەکی لەنووسینا گرتوە ووتی :

٢ ـ من لەسەر مـرۆڤ ئەنوســـم ، مـــرۆڤ‌و ژیان‌و کومەلیش هەمـــە جۆرو رەنگن ٠ لەبەر ئەوە

---

## کۆمەڵەی هونەری لە کوردستان

لەم دوایەدا ، چەنـــد کۆمەلێـــکی هونــــەری « مۆســـیقاو گـــورانی تەمسیل » لە گەلێ شوینی کوردســـتان پێك هاتون ، وەك سلیمانی‌و هەولـــیرو کرکوك ، ئەم کۆمەڵـــــە هونەریانـــە هونەرمەنـدە ناسراوەکانی کوردستانـــی تیا کۆبونەتەوە ، بـــــۆ ئەوەی بە هاوکاری‌و هەوڵ‌و تەقەلای هەمویان ، هونەری جوان لـــە کوردستان پێش بخەن ، گومان لە وەدا نیـــە، ئەم هەنگاوە لە لایـــــەن هونـــــەر مەندەکانەوە ، شایانی رێزگرتنە ، چونکە جۆلانەوەی هونەری بـــەو جۆرە نەبێت ناتوانی بگـاتە مەبەستی خۆی ، بەتـــای بەتی هونەری نەتەوەکەمان کە لە دەمێکەوە وەك بـــێ خاوەن کەوتوە ، ئەگــــەر بەهەولی پێکەوەی هونـەر مەندەکـــان نەبێــت نابوژێتەوە ٠

لەکاتێك‌دا لە قولای دلەوە پیرۆزبای دامەزراندنی ئـەو کۆمەلە هونەریانە ئەکەین هیوا داریشین بەرهەمیـــان دیار بێت‌و بتوانن بە ئەرکی سەر شانی خویان هەستن‌و پەیامی پیرۆزی هونـــەری جوان بۆ خزمەتی گـــەل بکەیەنە جێگای بەرزی خۆی ئەمەش بـــە هاوکـــاری دلسوزانەی ئەو هونـــەر مەندانەی لەو کۆمەلانـــەدا کۆبونەتە وە یەتـــە دی و هیوا داریشین هەمو لایەك یارمەتی ئەو کۆمەلانە بدەن تا بتوانن جۆلانەوەی هونەر لە کوردستان پەرە پێ بدەن بەتایبـــەتی ئـــەو دەزگـــاو دامەزرا وانـــەی کاروباری پێش خستنی هونەریان لـــە سەر شانە ، رێگا بۆ بـــەر هەمەکانی ئەو کۆمەڵـــــە هونەریانە بکەنەوە کە لـــە کوردستان دامەزراون ٠

**هونەرمەند**

# چیروك

## نووسینی نووسەری رووسی ئەلکسی بنتلیف

# ووتەی شەرەف



جەنگ « یاری » ە لای بچکولەکانو « راستیە » لای گەورە ، لە هەر دوو کاتا گەورە هەلی ئەگیرسێنیو پچوك پیوەی ئەتلێتەوە ، هەر کاتێ ئەو رودا وەم بیر ئەکەوێتەوە خوزگە ئەخوازم ئەو منالەم بینایەتەوە کە تەنیا روی لیلی گریاناویم لە بەر چاو ماوە ، بم ناسیەو شوێنی دانیشتنم بزانیایەو ئەمزانی دایكو باوکی کێن !

دەمەو ئیوارەیەکی هاوین چومە باخچەی گشتی شارەکەمان،لەژیر درەختیکا خۆم خەریك کرد بە خوێندنەوەی ئەو پەرتوکەی لەگەل خۆم بردبوم ، هەتا دوا پەرەیم تەواو نەکرد سەرم لێ هەل نەبری، دوای ڕیگام گرتە بەر بۆ ئەوەی برۆمە دەرە وە ، باخچە کە چول بو، لەسەر شەقامەکان گلوپەکان داگیرسان ، کەگویم لەدەنگی شاوری یاساولی باخچە کەبو هەنگاوەکانم خیرا تر کرد ، لەو کاتەدا ، دەنگی گریان هاتە گویم ، کەزۆر لێم دور نەبو ، لە ڕێ ڕەوێ کەوە بە دوای دەنگی گریانەکەدا چوم ، لە بەر چەرداخیکی سپیدا منالیکم بینی لەتەمەنی حەوت ، هەشت سالیا ملی کەچ کردبو ، ئەگریا :

ـ چی روی داوە بچکولەکە ؟ کەسێك زویری کردوی ؟

کە ئەمەم پێ ووت ، کوتوپڕ وەك فەرمانیکی پێ درابێ سەری بەرز کردەوەو گریا نەکەی بریو سەرنجیکی دامو ووتی ·· هیچ نیە ··

ـ کەواتە بۆچی ئەگریت؟ وەرە بابرۆین ، وا دەرگای باخچەکە دائەخەن ·

تۆزی بێ دەنگ بو دوای وەلامی دایەوە ···

ـ نازانم !

ـ چۆن ئەبێ نەزانی ··؟

ـ ئەمە ڕاستە ، بەلام نایان ناسم ، لەم باخچە یەدا دانیشتبوم ، چەند منداليكی گەورە هاتنو پیان ووتم : ئارەزو ئەکەی یاریمان لەگەل بکەی ··؟ « یاری جەنگ » ·· منیش ڕازی بوم و دەستمان کرد بە یاری کردنو منیان کرد بە « عریف » یەکیکیان کە « ژنرال » بو هێنامی بۆ ئیرەو ووتی : ئەمە جبەخانەیەو تۆ یاساولی ئەبیت! شوێنەکەت بەجی نەهیلی هەتا فەرمانت پێ‌نەدەم ، ووتم باشە ! بەلام داوای لێ‌کردم کە سوێندی بۆ بخۆم بەشەرەفم ، شوێنەکەم بەجێ نەهێلم ! منیش سوێندم بۆ خوارد ···

لیم پرسی ··

ـ ئی ·· دوای ئەمە چی ڕوی دا ؟!

ـ هەروەك ئەم بینی ، وەستانم درێژەی کێشا و کەس نەهات ···

ـ ئەی ئەوانی تر لەکوێن ··؟!

ویستم دەستی بگرم بەلام بەتوندی دەستی کیشایەوە هیشتا فرمیسك بەچاوەکانیا ئەهاتە خوارەوە ، بە دل پریەوە ووتی·· ناتوانم !

ـ مانای چی ؟ نەخوشی ؟

ـ نە ···

ـ کەواتە بۆچی ؟!

ـ چونکە من یاساولم·!

ئەمەی ووتو ملی کەچ کردەوە ···

ـ چون یاساو لیك ؟

ـ ئوهو ، یاریمان ئەکرد ··· تێ ناگەیت !

ـ باشە لەگەل کێ یاریت ئەکرد ؟

ـ وائەزانم ئەوان بیریان چومەتەوە ·· ڕۆشتن !

ـ ئەی کەواتە تۆ بۆ ناڕۆیتەوە ؟ یاریەکەتان کوتای هات !

ـ من سوێندم خواردوە ··· سوێند بە شەرەفم !

خەریك بوم پێ‌بکەنم ، بەلام هەستێکی بەڕاستی بەتەوژم بەربەستی کردمو هەستم کرد ئەو بچکولەیە ڕاست ئەکات ! مادەم سوێندی خواردوە بە شەرەفی ، ئەبێ بەجێ‌ی بهێنێ ، یاری بێ یان ڕاستی ···

لیم پرسی ···

ـ جائیستە چی ئەکەی؟!

ـ نازانم ··

ئەمەی ووتو دەستی کردەوە بەگریان ، ئارەزویەکی بەجۆش پالی پیوەنام یارمەتی بدەم ، بەلام چۆن یارمەتی بدەم بروم بەدوای منداڵەکانی تردا بگەریم کە بەجیان هیشتوە دوای ئەوەی پەیمانی شەرەفیان لی وەرگرتوە ؟ ئەم هەژارە بەبرسیەتیو تەنیا لەم چولەوانیە چێ بکات ؟··

ـ باشە تۆ برسیت نیە ؟ ناتەوێ نان بخوی ؟

ـ بەلێ !

ـ باشە کەواتە ڕاکە بۆ مالەوە نان بخۆ و من لیرە یاساول ئەبم هەتا تۆ ئەگەڕێتەوە !

سەیریکی کردم و ووتی:

ـ چۆن ! تو لەو باوڕە دای ئەم کارە بگونجێ !

ـ ئەی بۆچی نە ؟!

ـ چونکە تۆ سەربازنیت!

ـ ئەمە ڕاستە ، کەواتە تەنیا پیاویکی سەرباز ئەتوانی شوێنەکەت بگرێتەوە ···؟

بیریك هات بەمێشکما ·· لەپێناوی ئەم بچکولەیەو ڕاست گۆ دەر چونی لە سوێندە کەیاو لێ‌بوردنی لەیاساولی پیویستی بەپیاویکی سەربازی هەیە، کەواتە ئاسانە ! بە منالەکەم ووت :

ـ چاوەڕێم بکە·· ئیستە ئەگەڕێمەوە ··

ئەمەم ووتو بە پەلە بەرەو شەقامەکە ڕوشتم ، چاوم گیرا بۆ پیاویکی سەرباز ، بەلام بێ سودبو ، وەستانم درێژەی کێشا ، خەریك بو بگەڕێمەوە بۆ باخچەکە ، لەدورە وە ئەفسەریکم دی ·· وەستابو چاوەڕێی هاتنی پاسی ئەکرد ، ڕام کرد بۆلای بەر لەوەی من بگەمە لای پاس هات ، ئەفسەرەکە خەریك بو سواربێ ، بەلام خێرا پەلاماری مەچەکیم پێم ووت :

ـ برا تۆزی بەیارمەتی··

ئاوری دایەوەو بەسەر سامیەوە ووتی :

ـ چی ڕوی دا وە ؟

ـ تکات لێ ئەکەم ، لەو باخچە یەدا منداليك یاساولە و ناتوانێ ئیشەکەی بەجێ بهیلێ ، چونکە سوێندی خواردوە ·· سوێندی خواردوە بەشەرەفی ، زۆر مندالە ، بەسەزمانە ئەگری !

بەسارد یەکەوە پرسی··

ـ باشە ئەتەوێ من چی‌بکەم ؟!

لەم کاتەدا پاسەکە ڕۆشتو ئەفسەرەکەی بەجێ هێشت ، بەپەستیەکەوە سەیری کردم ··· دوای هەرچی ڕوی دا بو بۆم گیرایەوە ، وا دەرکەوت گرنگی دابە باسەکەبە ، گورجی ووتی :

ـ کەواتە بابروین ···

بۆ زو قسەت نەکرد ؟··
کاتی گەپشتینە باخچەکە ، یاساولەکە خەریك بو دەرگاکە دابخات ، تکامان لێ کرد مۆلەتمان بدات ، تا بچینە لای منداڵەکە ···

ئەفسەرەکەم بردە لای چەرداخەکەوە ·· منداڵە بچکولەکە هەر لەشوێنی خوی وەستابو··· ئەگریا·

چومە لایەوە پێم ووت··

ـ سەیرکە ئەوا پیاویکی سەربازیم هێنا ···

سەرنجیکی ئەفسەرەکەی‌دا ، بینی لەو گەورەترە زۆری پێ خوش بو ···

ئەفسەرەکە پرستی ···

ـ ئاوەلە بچکولەکەم ·· تۆ چیت ؟!

ـ عریفم گەورەم !

ـ باشە ، ئەرکی سەرشانی خۆت بەجێ هێناوە ، من فەرمانت ئەدەمێ برۆیتەوە ··

ـ بەلام تۆ چیت ··· چاوم لەنیشانەکانی سەرشانت نیە ···

ـ منژەنرالم ···

لەم کاتەدا منداڵە سلاویکی سەربازانەی بۆکردو ووتی :

ـ ئەمەرەکەی گەورەم··

ئەمەی وا بەریكو پێکیو بەباورە وە ووت نەمان توانی خومان بگرین ، دەستمان کردبە · پی‌کەنین ··· ئەویش لە گەلمانا پێکەنێ ·· پێکەوە لە باخچەکە هاتینە دەرەوە ···

ئەفسەرەکە دەستی خستە ناو دەستی منداڵەکەو پێ ووت :

ـ تۆ زۆر ئازایت ·· هەمو مەرجێکی سەربازی ڕاستەقینەت تیایە ···

دوای دوعا خوازی لێ کردینو ڕوشت بەمنداڵەکەم ووت :

ـ بابت گەیەنمە مالەوە·

ـ نە ·· مالەکەمان نزیکە ·· من ناترسم !

ـ بەراستی هەر کەسێ بەو جۆرە باوڕی بەخوی بێت ترس ڕێگای‌ناگەیەنێتە دلیو منداڵیووا لەتاریکیو خیو ناسلەمێتەوە ، کە گەورە ئەبێت ، پیاویکی ڕاستو ئازای لێ دەرئەچێت ، زۆر بەختیاربوم بەناسینی ئەومنداڵە ··· هەتا هەتایە لەیادم ناچێت·

وەرگێڕی

عبداللە عباس

# دەنگ و باسی وەرزش

## چی ئەزانی لەو تیپانەی گەیشتونەتە دەوري شانزەهەم لەسەر کاسی جیهانی توپێن

پاش کردنی قورعە لەنێوان ئەو (١٦) تیپەی گەمەکەر لەسەر کاسی جیهانی توپێن لە مەکسیك « هاوکاری » باسێکی ئەو تیپانە بەزنجیرە بوتا نبلاو ئەکاتەوە٠ وە بە کومەلی یەکەم دەس پێ ئەکەین کەلەم سلفادور، یەکیەتی دەولەتانە پێکهاتووە :- سوڤییەت، مەکسیك و بەلجیکا ٠

١ - سلفادور : لەلایەن کومەلی سێزدەهەم پالیوراوە، کە نوێنەری ئەمریکای ناوەنی‌یە، تا ئیستا شەش گەمەی کردووە، سێ‌یانیان لەگەل هنداروس دووانی بردەوەو لەوی تریان دورا وە لەگەل هایتی‌ش سێ گەمەی کرد کەلە یەکەمیان بردەوەو دوومیان دوراو سێیەمیان بردەوە یەك بە هیچ کە گەمە کەری زیرەکی - مارتینیز - توماری کرد ٠

٢ - یەکیەتی سوڤیەت - سەرکەوت بەسەر کومەلەکەی خوی کە ئیرلەندای ژوروو تورکیای تێدا بوو ، ئەنجای گەمەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بو :-

● یەکیەتی سوڤیەت چوار گەمەی کرد سێیانی بردەوەو ئەوی تریان وەکویەك بو ، تەواوی خالەکانی حوت بو ٠

● ئیرلەندە - چوار گەمەی کرد دووانی بردەوەو لە یەکیکیا دوراوو ئەوی تریان وەکویەك بو، تەواوی خالەکانی پێنج بوو ٠

● تورکیا - چوار گەمەی کردو لە هەموویان دورا ٠

٣ - بەلجیکا - سەرکەوت بەسەر کومەلی شەشەما لە لە یوغوسلاڤیاو فینلەندەو ئسپانیا پیکهاتبوو وە ئەنجای گەمەکان بە شێوەیە بوو :-

● بەلجیکا - شەش گەمەی کرد، چواری بردەوەو لە یەکیکیا دوراو ئەوی تریان وەکویەك بوو، تەواوی خالەکانی نۆ بوو ٠

● یوغوسلاڤیا - شەش گەمەی کرد، سێ‌یانی بردەوەو دووانی دوارو ئەوی تریان وەکویەك بوو، تەواوی خالەکانی حەوت بوو ٠

● ئسپانیا - شەش گەمەی کرد ، دووانی دوراو دووانی وەکویەکو دوو گەمەی بردەوە ، تەواوی خالەکانی شەش بو٠

● ڤینلەندە - شەش گەمەی کرد ، یەکیکی بردەوەو ئەوانی تر دورا ، تەواوی خالەکانی دوو بو ٠

ئەوەی شایەنی باسە سەرکەوتنی بەلجیکا زور شتێکی سەیر بوو، بەتایبەتی دوو تیپی بە هێزی ئەوروپای لەگەلا بوو، کە ئسپانیاو یوغوسلاڤیایە ٠

٤ - مەکسیك: بەشداری ئەدواری سەرەتالی نوبوو چونکە گەمەکە لەوولاتی ئەودا ئەکرێ ٠ وە مەکسیك لە تیپە بەهێزەکانی ئەمریکای خوارووە ٠

بەلای ئیمە لەم کومەلە سەرکەوتن بو مەکسیك یا سوڤیەتە جونکە هەردو تیپەکەی تر الاوازن بەرامبە ئەمانە ٠

لە ژمارەی داهاتوو کومەلەکانی تری دەورەی شانزەهەمتان بوو بلاو ئەکەینەوە ٠



پاشماوەی ڕێژەوی

حەوتەم ، لەپێناوی ریشەکەندکردنیانو نەهێشتنی زولموزوریو ئازاردنی نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی‌و جەنگ بە جەنگ ئەکرێ‌و بەندە بە بوونی سیستەمی سەرمایەداری؛ بەرەی ئیمپریالیستەکانو نوکەرەکانی ، ئەبێ لەئیستاوە خومان ئامادە بکەین بو ئەو رەزمە درێژخایەنە لەو بروایەوە کە نەهێشتنی جەنگ بە جەنگ ئەکرێ‌و سەرکەوتن هەر بو بەرەی میللەتانە ٠

ئەبێ هەموو هاونیشتمانیانی دلسوزو هێزە پێشکەوتووەکانیان ئەم راستیانە بە چاکی بزانن‌و بچەسپێنن وە لەبەر روشنایەتیان درێژە بدەن بە خەباتی پیروزی خویان تاکو کاروانی میللەتەکەمان بەزوترین کات‌و کەمترین قوربانی بگاتە مەنزلگای مەبەستە ، ئەو گەیشتنەی کە میری تارانی نوکەر بیەوێ‌و نەیەوێ ، هەر ئەبێ ٠

## کورتە هەوالی وەرزش لە دەرەوە



● قورس هەلگری سوڤیەتی - ئیڤاشنکور - دوو ژمارەی نوێی تومارکرد لە گرانی سوکی قورس٠ ٥ر١٩١ کغم نەتر واتە نیو کیلو زیباتر لە ژمارەی پێشو، وە بەگشتی ٤٩٥ کغم هەلگرد کە ئەمە ٥ر٢ کغم زیباتر لە تەواوی قورسەی پێشو ٠

● جورج شوفالو - پالەوانی کەنەدا لە گرانی قورس، (١٤٠) هەزار دولاری رەفزکردو رووبەرووی یاری کەری بوکسێنی ئەمریکی - جێمی کورای - نەبوو لەسەر کاس یەکیەتی ئەمریکی بوکسێن ٠

● پالەوانی مەلەوانی عەرەبی - عبداللطیف ابو هیف - سێەم ناو بوو لە لیستەی ئیمسالی یەکیەتی جیهانی مەلەوانی بو ماوەی درێژ، وە مەلەوانی ئەرجەنتینی - هوراشیووا - یەکەم بوو ٠

● ئنگلتەرا، پالەوانی جیهانی توپێن، لەو کەمەیەی کرا لەسەر یاریگای وومبلی لەگەل هولەندا، تەعادولی کرد، وە سێر الف رامزی راهێنەری تیپی ئنگلتەرا ناچار بو حەوت گوران لە تیپەکە بکات لە پێناوی تورمارکردنی گۆلی، بەلام هەر سوودی نەبوو ٠

● جورجی ئسبرافوف جەرگی هێرشی یانەی لیڤسکی‌صوفیاو هەلبژاردەی بولگاریا ، ئەوەی دەربری کە لەو نزیکانە ئەگەرێتەوە بو گەمەکردن پاش چاکەوەبوونی لەو پێ کاندنەی توش ببو لەو یاریەی لەگەل یانەی سسکایا کردبوویان کە ئسبرافوف لەو گەمەیە گۆلێکی تومار کردبوو ٠

## دەنگ و باسی وەرزش لە کوردستانا

● هەلبژاردەی یانەی سلیمانی وەرزشي لەماوەی پشووی بوهاردا ئەچێتە خوارووی وولات بو ئەوەی چەند گەمەیەکی توپێن‌و سەبەتەو بالە لەگەل تیپەکانی موحافەزاتی حلەو بەسرەو عیمارەو پاشان بەغدا بکات ٠

● گەمەی پالەوانی تیپەکانی پلەی یەکەم لەسەر کاسی یەکیەتی توپێ لە هەولێر دەسی پی کردووە ٠

ئەو تیپانەی بەشدار ، یانەی بروسك‌و پولیسی هەولێرو هەلێراردەی یاریککایەکانی ملی‌و یانەی هەولێری وەرزشی‌و پولیسی نەجدەیە ٠

گەمەی دەس‌پی کردن لەنێوان پولیس هەولیرو وپولیسی نەجدەی هەولێر بو، پولیس هەولێر بردەوە **پێنج بە هیچ ٠**

وە یانەی هەولێر لە یانەی بروسکی بردەوە پێنچ بە دوو وە پلیسی نەجدە لە یانەی هەولێری بردەوە سێ بە دوو ٠

ئەم گەمانە هەموو لە یاریگای بەرێوەبەرایەتی ناوخی‌دا کرا ٠

● ئەنجامی گەمەی توپێن لە نێوان پولیسی هەولێرو پولیسی موصل ، دووانی موصل بو کە سێ گۆل هەرولێر توماری کرد بەرامبە دوو گۆلی پولیسی موصل ٠



# بۆ ئاگاداری

## بۆ ئاگاداری ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٠ لە بەڕێوە بەرایەتی ئنحصاری توتنەوە

بەپێی ئەحکامی مادە بیست و هەشت لەقانونی ئینحصاری توتن ژمارە ٥٤ ساڵی ١٩٥٢ ، وە بۆ جێبەجێ کردنی بریاری ئەنجومەنی ئیدارەی ئینحصاری توتن ژمارە ١ و ٢ کە لەکۆبونەوەی هەژدەهەمیا لە بەرواری ٢٤ـ١٢ـ١٩٦٩ دا دراون .

بریارمان دا نرخی فرۆشتنی توتن و تنباکو جگەرەی میکانیکی ساڵی ١٩٧٠ بەم جۆرە بێت :

**١ ـ نرخی فرۆشتنی توتن و تنباکی ساڵی ١٩٧٠:**

**یەکەم : توتن چاک کراو ( خام )**

| | نرخ بەکیلو فلس |
|---|---|
| دەرجە ممتاز ـ ١ | ٦٥٠ شەش سەدو پەنجا فلس |
| دەرجەممتاز ـ ٢ | ٦٠٠ شەش سەد فلس |
| دەرجەی یەکەم ـ ١ | ٥٢٥ پێنج سەدو بیست و پێنج فلس |
| دەرجە یەکەم ـ ٢ | ٥٠٠ پێنج سەد فلس |
| دەرجە دووەم ـ ١ | ٤٤٠ چوار سەدو چل فلس |
| دەرجە دووەم ـ ٢ | ٤٢٠ چوار سەدو بیست فلس |
| دەرجە سێیەم ـ ١ | ٣٣٥ سێ سەدو سی و پێنج فلس |
| دەرجە سێیەم ـ ٢ | ٣٢٠ سێ سەدو بیست فلس |

**دووەم ـ توتنی چاک نەکراو ( شکاوە )**

| | |
|---|---|
| دەرجەی یەکەم | ٤٠٠ چوار سەد فلس |
| دەرجە دووەم | ٣٣٠ سێ سەدو سی فلس |
| دەرجە سێیەم | ٣٠٠ سێ سەد فلس |
| دەرجە چوارەم | ٢٤٠ دووسەدو چل فلس |

**سێیەم ـ تنباک**

| | |
|---|---|
| دەرجەی ممتاز | ٤٥٠ چوار سەدو پەنجافلس |
| دەرجەی یەکەم | ٣٥٠ سێ سەدو پەنجافلس |
| دەرجەی دووەم | ٣٠٠ سێ سەد فلس |
| دەرجەی سێیەم | ٢٥٠ دووسەدو پەنجا فلس |

**٢ ـ نرخی جگەرەی میکانیکی ساڵی ـ ١٩٧٠ :**

| جۆری پاکەت | ژمارەی جگەرەکانی | نرخەکەی بە کۆمەڵ فلس | نرخەکەی بە دانە فلس | شوێنی بەرهەم هێنانی |
|---|---|---|---|---|
| ١ ـ پاکەتی کارتۆن کاغەزی ئەلمنیوم داپوشراو بەسلوفین لە جگەرەی غازی و لوکس | ٢٠ | ٤٧ | ٥٠ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٢ ـ پاکەتی کارتۆن کاغەزی ئەلمنیوم داپوشراو بەسلوفین لە جگەرەی بەغدا بە فلترە وە | ٢٠ | ٦٢ | ٦٥ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٣ ـ پاکەتی کیسی کاغەز، کاغەزی ئەلمنیوم داپوشراو بەسلوفین لە جگەرەی بەغدای فلتر | ٢٠ | ٦٠ | ٦٥ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٤ ـ پاکەتی کیسی کاغەز لەجگەرەی بەغدادای فلتر داپوشراو بەسلوفین بریقەدار لەدەرە وە وە کاغەزی زیوی لە ناوە وە کە ٣ ریز جگەرەی تیا (٧ + ٦ + ٧) و درێژی هەر جگەرەیەك ٨٤ ملم ( کنك سایز ) | ٢٠ | ٦٦ | ٧٠ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٥ ـ پاکەتی کارتونی داپوشراو بە سلوفین و کاغەزی زیوی لەناوە وە لە جگەرەی بەغای فلتر | ١٠ | ٣٣ | ٣٥ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٦ ـ پاکەتی کارتون کاغەزی ئەلمنیوم داپوشراو بەسلوفین لەجگەرەی جمهوری و ترکی | ٢٠ | ٥٢ | ٥٥ | بەرژەوندی دروست کردنی جگەرە لە سلیمانی و شریکەی دوکەڵی عیراق . |
| ٧ ـ پاکەتی کارتونی لە جگەرەی بابل بەفلترو داپوشراو بەسلوفین لەدەرەوە و کاغەزی زیوی لەناوە وە لە جگەرەی سێ ریزی ( ٧ + ٦ + ٧ ) و درێژی جگەرە ٨٤ ملم بەحجمی ( کنك سایز ) | ٢٠ | ٨٦ | ٩٠ | شریکەی دوکەڵی عیراق |
| ٨ ـ پاکەتی کیسی کاغەزی جگەرەی صلاح الدین فلتر داپوشراو بەسلوفین لەدەرە وە و کاغەزی زیوی لەناوە وە کە ٣ ریز جگەرەی تیایە (٧ + ٦ + ٧) و درێژی جگەرە ٨٤ ملم حجمی ( کینك سایز ) | ٢٠ | ٦٢ | ٦٥ | بەرژەوندی دروست کردنی جگەرە لەسلیمانی |

بەڕێوەبەری گشتی و سەرەکی ئەنجومەنی بەڕیوە بەرایەتی حسن حسین .

